کۆمەڵایەتی
گوڵان
ژمارە (٧٥٥)
٢٠٠٩/١١/٢



# ئەڤین زەماوەندی مەرگ دەگێڕێ

ئا: ناسك سەعید سلێمانی

مرۆڤ لەبەرامبەر پێشهاتەکان ئەگەر کەسێکی هۆشیار نەبێت توشی هەڵە دەبێتە، هەڵەیەك لەوانەیە ژیانی لەناوبەرێت، ئەڤین کاتێك بڕیاری خۆکوشتن دەدات تەواو بێ ئومێدبووە لەژیانی ئێستا و ئایندەی، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستی بێ رادەی بۆ خۆشەویستەکەی دەبێتە هاندەر کەبەمەش کارێکی راستی هەڵنەبژاردووە چونکە ئەم جۆرە رەفتارە کاریگەری نێگەتیڤ لەناو ئەندامانی خێزان و تەنانەت بۆ رەگەزی بەرامبەریش بەجێدەهێڵێت.هەروەك براژنی ئەڤین بۆمان باس دەکات کە چۆن ئەڤین ئەم بڕیارەی داوە ئەو گوتی:

دەمەوئێوارەبوو هەواڵی خۆخنکاندنی (ئەڤین)مان بەرگوێ کەوت، سەرسام بووین چۆن ئەڤین توانیویەتی کارێکی وەها قورس بکات و بڕیارێکی لەو چەشنە بدات،بۆیە بەپەلە چوومە ئەو ژوورەی کەخۆی تێدا خنکاندبوو، کە بینیم باوەڕم نەکرد!!

جوانە،کەبراژنی ئەڤینە دەڵێت: ئەڤین کچێکی بێدەنگ و ئارام ولەسەرخۆ بوو، یەکێك بوو لەئەندامە زۆرخۆشەویستەکانی خێزانەکەمان، کچێکی گوێرایەڵ و بێ دەنگ بوو هەرگیز کارێکی نەکردووە کە ببێتە مایەی بێزاری هیچ کام لەخێزانەکەمان،بەڵام ئەم کارەی چۆن کرد وچی پاڵنەری بوو،ئەمەیان نازانرێت؟

**درکاندنی پەیوەندییەکەیان**

(ئەڤین) لەقۆناغی پێنجی ئامادەییدابوو کە نهێنیەکی لەلای من درکاند گوتی: جوانە گیان من و کوڕێك بەناوی راستی ماوەی حەوت مانگ دەبێت پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوانماندا هەیە و یەکترمان قبوڵ کردووە بەڵام دەمەوێت تۆ هاوکاریم بکەیت لەوەی دەمەوێت بەیانی یەکتر ببین لەپارکی ئازادی، دەبێت تۆ بێیت لەگەڵمدا ئەگەر بەتەنها بچم لەوانەیە کەسێك بمبینێت و دوایی لای براکانم شکاتم لێ بکات، بۆیە وەك براژنێکی دڵسۆز ئەو کارەم لەگەڵدا بکەو هاوکارم بە.جوانە دەڵێت: نەوێرام بڵێم باشە! چونکە هاوسەرەکەم کە برای ئەڤینە کەسێکی زۆر توڕەو هەڵەشەیە گوتم ئەگەر شتێکی وامان لێ ببینێت یەکسەر هەردووکمان دەکوژێت،بۆیە بێدەنگ بووم و هیچ بڕیارێکم نەدا، ئەڤین گوتی: ها جوانە بۆ بێدەنگی خۆ کەس نامان بینێت و بەم زستانە کێ دێتە پارکی ئازادی بەڵام من بەتەنها حەز ناکەم ئەگەرنا تۆش نەیەیت من هەردەچمە.

هەرچۆنێك بوو قەناعەتم بەخۆم كردوو چوینە پاركی ئازادی بۆماوەی یەك كاتژمێر ئەڤین وراستی بەیەكەوە گفتوگۆیان كرد، تائێرە هەموو شتێك ئاسایی بوو بەڵام لە دڵەوە ترس و نارحەتیك دایگرتبووم دەمگوت خوایە كەسێك نەمان بینێت . لەكاتی هاتنەوەماندا بەئەڤینم گوت جارێكی تر بیر لەچوونە دەرەوە نەكاتەوە ئەگەر یەكترتان خۆش دەوێت باكورەكە داوات بكات و زەواج بكەن ئەگەرنا بەوشێوەیە تۆ كارێكی باش ناكەیت.

ئەڤین گوتی:باشە من ئەم پێشنیارە بۆ راستی دەكەم بەڵام دەبێت تۆش لای براكەم كارئاسانیم بۆ بكەیت. ئەڤین وراستی مەسەلەی زەواجەكەیان بەشتێكی بەهەند وەرگرت و كاریان بۆكرد،ئەوەبوو رۆژێك ماڵی راستی بۆ ئەو مەسەلە هاتنە ماڵمان دوای بەخێرهێنانیان باسی زەواجی ئەڤین و راستیان كرد سەرجەم خێزانەكەمان ئەم مەسەلەیان رەفز كردەوە و گوتیان: ئەڤین قوتابییە باخوێندنەكەی تەواو بكات ئەوكات رازی دەبین.

## بەرپەرچدانەوەی هاوسەرگیری

ئەڤین لەدوای تەواوكردنی شەشی لەزانكۆ وەرگیرا، بەڵام ماڵی راستی بۆ چەند جارێكی دیكە هەردەهاتن و داوای ئەڤینیان دەكرد بەڵام هەموو هاتنەكەیان بێسود بوو، برای ئەڤین كاتێك بریاری هاورێی چەندین جار پێی گوتبوو بەڵام هەرگیز باسی نەكردبوو بڵێت كەسێك بەنیازی كارێكی لەوجۆرەیە تەنها دەیگوت ئەڤین قوتابیە ئەم بیانووەی هەبووە، بەڵام لەناخیدا بۆ كەسێكی تری دانابوو كە ئەویش لەبەر بەرژەوەندی خۆی بووە چونكە بەڵێنی كۆمەڵێك كاری پێدابوو، ئەڤین پێكەنی و گوتی كاكە گیان تۆ دەزانی راستی چەندێكە داوام دەكات بۆچی تۆ ئاگادارنیت!!

براكەی تورە بوو گوتی من هەموو شتێكم براندۆتەوە هەر ویستم پرسێكت پێ بكەم بزانم تۆ دەڵێیت چی؟ زانیم بۆچوونت چۆنە پێویست بەگفتوگۆ ناكات و دایك و باوكم رای منیان بەلاوە پەسەندە تا هی تۆ، بۆیە خۆت هیلاك مەكە و بڵێ پەسەندی دەكەم!!

ئەڤین زۆر گریا و گوتی كاكەگیان تۆكاری وامەكە من ناتوانم مێردی پێ بكەم، من كەسێكی ترم خۆش دەوێت، ئەڤین ئەمەی گوت و براكەی كەوتە لێدانی، گوتی بشمكوژێت من شوی پێناكەم، براكەی كەزانی ئەڤین ناچێتە ژێرباری قسەكانیەوە بۆیە گوتی تەلەفۆن بۆ راستی بكە و بابێتە بۆ ئێرە،كاتێك ئەڤین تەلەفۆنی بۆكردوو هات بۆ ماڵمان براكەی پێی گوت: راستی گوێ بگرە ئەڤین شوی كردووە و وازی لێ بێنە چیتر باسی ئەو موزوعەی بۆ مەكە، راستی زۆر سەرسام بوو بەم هەواڵە و گوتی: چۆن شتی وا دەبێت من سێ ساڵە چاوەرێی دەكەم و پێشتر پێتان گوتم باخوێندن تەواو بكات، ئێستاش پێم دەڵێن شووی كردووە!! نازانم چۆن ئەو بریارەتان داوە؟ براكەی ئەڤین دەستی راستی گرت و گوتی فەرموو برۆ تەنها بۆئەوە بانگم كردی ئیتر ئەو بابەتە لەبیر خۆتان بەرەوە، بەتایبەت تۆ تكا دەكەم جارێكی تر بیر لەو مەسەلە مەكەرەوە چونكە بێ سودە.

هەفتەیەكی پێ نەچوو داواكردن و مارەكردنی ئەڤین تەواو بوو،بەڵام كاری ئەڤین تەنها گریان بوو نەشدەوێرا بەئاشكرا بگری، لەژوورەكەی خۆیدا هەمیشە دەگریا منیش تەنها دڵنەواییم دەدایەوە نەمدەتوانی هیچ یارمەتیەكی بدەم یان كارێكی بۆ بكەم چونكە هەموو خێزانەكەیان لەگەڵ ئەوەدابوون زەواج لەگەڵ راستید نەكات. ئەڤین چوار ساڵی زانكۆی بەدڵتەنگی و خەفەتەوە بردەسەر هەرگیز بۆ چركەساتێك ئاسودە نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەی پەیوەندی لەگەڵ راستیدا باش بوو لەگەڵ دەستگیرانەكەیدا وانەبوو، تا ئەو رۆژەی كەدەبوو بۆبەیانی ئاهەنگ بكەن تەنانەت تەواوی كەلوپەلی ماڵیشی كری بوو،بەڵام شەوەكەی لەگەڵ راستیدا قسەی كردبوو كە بەیانی ئاهەنگی گواستنەوەیەتی بۆیە راستی خۆی پێنەگیرابوو هات بۆ ماڵمان و لەگەڵ دایك و باوكی قسەی كردبوو بۆئەوەی پەشیمان ببنەوە و ئەو ئاهەنگە هەڵبوەشێننەوە هەموو هەوڵەكانی بێ سوود دەبێت بۆیە لێیان دەبێت بەشەڕ و دەچێتە دەرەوە، بەداخەوە كاتێك براكەی دێتەوە دایك وباوكی پێیدەڵێن راستی هاتووە و داوای كارێكی لەو چەشنەی كردووە براكەشی بەبێ هیچ بیركردنەوەیەك دەچێت بۆماڵی راستی، ئەڤین دەزانێ براكەی چووە بۆ ماڵی راستی و بێ ئومێد دەبێت لەهەموو شتێك بیرلەوە دەكاتەوە كە هەرچۆنێكبێ كۆتایی بەژیانی بهێنێت، بۆیە چووبووە ژوورەكەی، خۆی بەپانكەی ژوورەكەی خۆی خنكاندبوو و ئاهەنگی گواستنەوەی بەشێوەیەكی تر گۆری. ئێمە ئاگاداری ئەوە نەبووین تا كورەكەی من چووەبوو ژورەكەی بینیبوی، كاتێك پێیی گوتین براكەی ویستی هەڵبستێت بەرەو ژوورەكەی برِوات بەڵام لەبەر نارەحەتی و پەشیمانی لەهۆش خۆی چوو، بەداخەوە زۆر پەشیمان بوون لەو كارەی كردیان لەبەرامبەر ئەڤیندا، بەڵام تازە پەشیمانی سودی نییە و تا ئێستا راستی وەك كەسێكی شێت رەفتار دەكات و رۆژ نیە بەبەردەم دەرگای ماڵماندا نەیەت. هەمیشە براكەی سەرزەنشتی خۆی دەكات لەوەی رێگر بووە لەهاوسەرگیری لەگەڵ راستیدا، ئەڤین هەموو خۆزگەو ئاواتەكانی خۆی و راستی بردە ژێر خاكەوە. دەستگیرانەكەی ئەڤینیش لەبەرامبەر ئەم بریارە و خۆكوشتنەی ئەڤیندا زۆر نیگەران بوو بەهەمان شێوە پەشیمان بوو لەم كارەی، دەیگوت دەبوو زوو وازم لێ بهێنایە چونكە هەرگیز رووی خۆش نەبووە لەگەڵمدا.

بۆ قسەكردن لەسەر ئەم بریارەی ئەڤین، خاتوو (دڵگەش عبدالرحمن)ی توێژەری كۆمەڵایەتی دەڵێت:مەسەلەی خۆكوشتن و بریاردانێك لەوبارەوە كارێكی ئاسان نیە،پاڵنەرێك هەیە بۆئەوەی هانت بدات بۆ ئەنجامدانی كارێكی لەوچەشنە، بێگومان یەكەمین كەسی گوناهبار بنەماڵەكەیتی بەگشتی و براكەی بەتایبەتی چونكە كاتێك دیانزانی پەیوەندیەكی لەوچەشنە هەیە لەنێوانیاندا دەبوو بنەماڵەكەی زیاتر تێبگەیشتنایە لەم راستیە، بەڵام بەداخەوە كاتێك پەشیمان بوونەوە كە ئەڤین كۆتایی بەژیانی خۆی هێنا، ناكرێت مرۆڤ بۆ بریاردانی خۆی هێندە لاواز و بێدەنگ بێت، بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشانە ئەگەر كچ یاخود كور بەنابەدڵی هاوسەرگیری كرد دەبێت هەموو هەوڵەكان بخرێنە گەڕ ئەگەر سەركەوتوو نەبوو ئەوكات باپرۆسەی هاوسەرگیریەكە ئەنجام بدات لەوانەیە ئەو دوو كەسە زۆر بەباشی لەیەكتر بگەن وگونجان هەبێت لەنێوانیاندا، بۆئەمەش پێویستی بەلێبوردن و قوربانیدان هەیە.

بەراستی لەم كۆمەڵگەیەدا هەمیشە كچ دەبنە قوربانی، تەنانەت لەهەستیارترین پرۆسەدا رای كچ وەرناگیریت،نازانم ئەو كەسانە چۆن بیر دەكەنەوە؟ لەكاتێكدا دەزانن ژیانی هاوسەرێتی پەیوەندی راستەوخۆی بەو دوو كەسەوە هەیە تا كەسانی دەوروبەر،لەگەڵ ئەوەشدا هەر بریاری لەسەر دەدەن و كۆتایی پێدەهێنن،لەئاكامی بریارەكیاندا ئەنجامی لەم شێوەیە روودەدات و ژیانی نزیكترین كەسیان لەناودەبەن.

**لە دڵەوە ترس و نارحەتیك دایگرتبووم دەمگوت خوایە كەسێك نەمان بینێت . لەكاتی هاتنەوەماندا بەئەڤینم گوت جارێكی تر بیر لەچوونە دەرەوە نەكاتەوە ئەگەر یەكترتان خۆش دەوێت باكورەكە داوات بكات و زەواج بكەن**

**هەفتەیەكی پێ نەچوو داواكردن و مارەكردنی ئەڤین تەواو بوو،بەڵام كاری ئەڤین تەنها گریان بوو نەشدەوێرا بەئاشكرا بگری**



لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# دوای یانزە ساڵ هەڵاتن، دەستگیرکراوە

ئا: باوکی میدیا

### کوشتنی دوکاندارێك

(حەیدەر)، دەمانچەیەکی لەبەر باخەڵی ناو خۆی گورج و گۆڵ کرد، دایکی پێی گوت: کورم خێرە وا خۆت گورج و گۆڵ کردییە و بەکەسیش ناڵێی بۆ کوێ دەچی؟

(حەیدەر) هەر ئەوەندەی وەڵامدایەوە و گوتی: وەڵڵا ناچمە چ جێگەیەکی دیاریکراو، ئەوەندە نەبێ دەچمە بازاڕ سەرێکی چایخانە دەدەم. پاش ئەو وەڵامە پێڵاوەکانی لەپێ کرد و چووە دەرەوە، سواری پاسێکی ریم بوو، چووە سەر کورسی هەرە دواوە و دانیشت. لەگەڵ ڕۆیشتنی ریمەکە کەوتە داڵغە و ئەوەی هاتەوە پێش چاو کە چۆن (جەلیل) پاش ئەوەی هاتە خوازبێنی (قەدریە)ی خوشکی و ڕەتیان کردەوە بیدەنێ، ئەویش بێ منەتانە هەستا چوو هەڵیگرت و خۆشیان عەیامێك بێ سەروشوێن کرد، ئەوجا پاش چەند ساڵێك، دوای ئەوەی لەلای مەلایەك مارەی کرد، لە شارێکی دوورە دەست خانوویەکی بە کرێ گرت و تیایدا ژیان و ئینجا هەواڵی نارد کە دەیەوێ سوڵحیان لەگەڵ بکات. مامۆستا (محەمەد) بووە ناوبژیوان و زۆریانی لەگەڵ هەوڵ دا کە سوڵحەکە سەربگرێت، بەڵام ماڵی (حەیدەر) هەموویان رازی بوون جگە لە خۆی نەبێت. پاش ئەوەی نەیهێشت سوڵحکە سەربگرێت، (جەلیل)یش چووە دادگا و (قەدریە)ی مارە کرد و هاتەوە ئەو شارەی کە خزم و کەسی هەردوولای لێبوون. هەرچەندە دایك و باوك و خوشك و براکانی (حەیدەر) لەبەر خاتری کچەکەی خۆیان دەنگیان نەکرد و نیمچە رازیبوونێکیان هەبوو، بەڵام (حەیدەر) نەك هەر رازی نەبوو، بەڵکو سوێندیشی خوارد کە (جەلیل) بکوژێت (حەیدەر) لەو داڵغانە دابوو، کە ریمەکە ئیستۆپێکی کرد و راوەستا، شاگردەکە هاواری کرد و گوتی: کاکە ئیتر تەواو هەمووتان دابەزن ئێرە گەراجە، (حەیدەر) هاتە خوارەوە و ڕێك بەرەو دوکانی (جەلیل) چوو. دوور بە دووری چاوی لە دوکانەکەی بڕی، هەتا چاوی بە (جەلیل) کەوت وا خەریکی بەڕێکردنی کڕیارەکانییەتی و ئاگای لە (حەیدەر) نییە و ئەوەی خەیاڵیشی لێنەکردۆتەوە (حەیدەر) و بڕیارەکەیەتی. (حەیدەر) دەمانچەکەی لەبەر پشتێنی دەرهێنا و دووبارە تەماشایەکی یەدەگەکەی کردەوە و سواری کرد و لەبەر باخەڵی خۆی نایەوە، لۆژ لۆژ بەرەو دوکانی (جەلیل) کەوتە ڕێ و هەتا گەیشتە پێش دوکانەکەی و ڕێك بەرامبەر (جەلیل) راوەستا و چاوی لەناوچاوی نا و قەدەرێك ئەوها لێك رامان، هیچ کامێکیان ورتەیان لێوەنەهات وەکو بڵێی دەمیان ببووە تەڵەی تەقیو.

ئەوجا (حەیدەر) بە قسە هات و بە (جەلیل)ی گوت: چییە دەشمبینی و چاوت لە چاوم دەنێی و ناشترسێیت، بەبیرت دێت سوێندم خوارد کە یەك یەدەگ لەناو دەمت خاڵی بکەمەوە، بە بیرت دێت گوتم پڕی دەمت گوللە دەکەم، ئێستا ئەگەر لەبیرت چووە وا بەبیرت دێنمەوە. چۆن بوو وا ئازایانە وێرای کچمان هەڵبگری و دوایش بێ منەتانە بێیتەوە بەرچاومان؟ (حەیدەر) چاوەڕێی وەڵامی (جەلیل)ی نەکرد دەمانچەکەی دەرهێنا و هەموو گوللەکانی لەنێوچەوانی و لەناو دەمیدا و دەمودەست خوێن لەسەرو کەللەی فیچکەی کرد و زرمەی لێوەهات و بەربۆوە، بە ماوەی یەك دوو چرکە دەموچاوی هەموو بووە خوێن و لە خوێنی خۆی گەوزاند، هەر لەماوەی چارەگە خولەکێك دوکانەکەی کردە گۆمی خوێن، خەڵکەکە گوێیان لە دەنگی تەقە و کەوتنە سەر زەوی پیاوێك بوو، کردیانەهەراو ئۆتۆمبێلێکی پۆلیسی فریاکەوتن لەم ناوە بوو، بەم هات و هاوار و دەنگە دەنگەیان لەو پۆلیسانەیان گەیاند کە چ قەوماوە و لە کوێ قەوماوە و کێش کەتنەکەی کردووە. (حەیدەر) حیسابی دەستگیرکردن و ئەو شتانەی هەر نەکردبۆوە، لەو یەدەگە کە پڕ فیشەکی کردبوو، هیچ گوللەیەکی دیکەی نەمابوو. پۆلیسەکانی ئەوێ بەهەر جۆرێك بوو گەیشتنە بەردەم دوکانەکە و (حەیدەر)یش هەڵات، ئەو هەڵات و ئەوانیش بەدوای کەوتن. وا ڕێکەوت (حەیدەر) چووە ناو کۆڵانێك کە کۆڵانەکە ئەوسەری گیرابوو. بەدوای کەوتن و گەمارۆیان دا، تفەنگیان لێ سوار کرد و هاواریان کرد، نەکەی هەڵبێی دەنا دەتکوژین، ناچارما، خۆی تەسلیم بکات، پۆلیسەکان دەستیان بردە پێشتەوەی و کەلەپچەیان لەدەستی کرد و سواری ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنیان کرد و بردیانە بنکەی پۆلیس.

### زیندانیکردن بە حەوت ساڵ

کە برایە بنکەی پۆلیس، دەمودەست لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرا و دۆسیەی خرایە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە، ئەویش بڕیاریدا جارێ (حەیدەر) بخرێتە بەندیخانە و لێکۆڵینەوەش بەردەوام بکرێت و هەموو بەڵگە پێویستەکان کۆبکرێنەوە، پاش چوار مانگ لێکۆڵینەوەی بەردەوام لە دۆسییەکە، ئینجا دۆسییەی رەوانەی دادگای تاوانەکان کرا بۆ ئەوەی دادگایی بکرێت. لە دانیشتنی بەر لە کۆتایی، پاش ئەوەی دادگا وتەی لایەنەکانی داواکەی وەرگرت و هەموو شتێك

تـەواو کرا ئینجا گـوێ لە وتەکانی (حەیدەر) گیرا، لە وەڵام بە پرسیاری دادگا (حەیدەر) هۆی کوشـتـنەکەی بەمشـێوەیە باس کرد و گوتی "راستە من (جەلیل)م کوشتووە و دانپێدادەنێم و نکۆڵی لێ ناکەم، بەڵام بۆچی کوشتم ئـەوە پاڵنەرەکەم بووە کـە بە هەقی خۆمم زانیوە، ئەو پیاوە خوشکی منی هەڵگرت، هیچ حسابێکی بۆ ناموس و ئابڕووی ئێمە نەکرد، ئێمەش لە تاوی ئابڕوی خۆمان لەو گەڕەکەی لێبووین سـەرمان هەڵگرت و بارمان کرد. لەو سـاوە ئەو کابرایە چاوشۆڕی خۆی کردین و داخی نا بە جەرگمانەوە، ئەو کچەکەمانی هەڵگرت و رۆیشت، بەڵام دوای چەند ساڵێك هاتەوە وەك ئەوەی نەبای دیبێت و نە باران، ئێمەشە بریندرا بووین، یان دەبوایە بەو چاوشـۆڕییە رازی بین، یانیش تۆڵەی لێبکەینەوە، منیش تۆڵەم لێکـردەوە. ئەوە هەموو مەسـەلەکەیە.. پاش ئـەوەی دادگا وتەکانـی (حەیـدەر) ی تۆمارکرد و تاوتوێی بەڵگەکانی تر کرا. دانیشتنەکە بـۆ هەفتـەی دواتر بـۆ دەرکردنی بڕیـار دواخرا. دوای بەسـەرچوونی هەفتەکە دادگا دووبارە دانیشـتەوەو بڕیاری خـۆی راگەیاند کەوا: لەبەر ئەو بەڵگانەی کە لەبەردەست دادگان و لەبەر بوونی بەڵگەی سـەلمێنەر و قەناعەتپێکەر و هەروەهـا دانپیانانی تۆمەتبـار بـە تاوانەکـەی، دادگا بڕیاری تاوانبارکردنی (حەیدەر)ی داو بە حەوت ساڵ زیندانی حوکم درا.

**هەڵاتن و دووبارە دەستگیرکردنەوە**

کە حوکمەکە خوێندرایەوە (حەیدەر) لە دڵی خۆیدا بڕیاریدا لەدەسـت ئەو پۆلیسـانەی کە دەیبەنەوە بەندیخانە رابکات. (حەیدەر)یان لە هۆڵی دادگا هێنایە دەرەوە و لەبەر دەرگا کەلەپچەیان لەدەستی کرد و بەرەو لای ئۆتۆمبێلی پۆلیسەکان هاتن، لەو دەمە (حەیدەر) گوتی: (ئای سـکم، کاکە راوەسـتن پێچەکی توند بە سـکم دادێت، سەبرم لێبگرن) ئەو دوو پۆلسیەی کە قۆڵیان لە قۆڵی نابـوو یەکێکیان گوتی: با یەك دوو خولـەك بچێتە بن دیوارەکە، فەقیرە گوناهە لەتـاوی حوکمەکەی رەنگە وایلێهاتبێت. (حەیدەر) یان بردە بن دیوارەکە و بە خۆشـیان خەریکی قسەکردن و جگەرەکێشـان بوون و بە (حەیدەر)یان گوت: هەتا ئەو جگەرەیە دەکێشین، تۆزێك پشوو بدە، بەڵام زووش بە، ئەفسـەرەکە ئێسـتا بێتەلمان بۆ دەکەن، بزانێ لێرەمان داناوی بەندمان دەکات، لەو قسەدابوون و غافڵبوون، (حەیدەر) لە چاو تروکانێکدا خۆی ون کرد و هـەڵات، کاتێك ئاوڕیان دایەوە و دەبینن (حەیـدەر) نەماوە یەکێکیان گوتی: وەڵڵا ئەو سـەگبابە سـەری لە قـوڕێ نابن، بەهـەر حاڵ چیان پێنەکراو (حەیدەر) توانی خۆی دەرباز بکات، ئەوانیش پاشـان درانە دادگا و هەردووکیان بەندکران.

سـاڵ هات و سـاڵ رۆیی (یانزە) سـاڵی بەسـەرداچوو، هەمـان دوو پۆلیسەکە رۆژێك وا رێکدەکەوێ لەناو بازاڕ لە ئەرکدابن، بەرێکەوت چاویان بـە (حەیـدەر) کەوت لـە پەنایەك دانیشـتووە و خەریکی فرۆشـتنی پاکەت و جگەرەیە دوو پۆلیسـەکە تەماشایەکی یەکیان کرد و لەیەك گەیشـتن، لێی سـووڕانەوە و لە پشتەوەڕا خۆیان هاویشتە سەری و دەستیان لە پشتەوەڕا کەلەپچە کرد و هاویشتیانە ناو ئۆتۆمبێل و رێـك بۆ بنکـەی پۆلیس، یەکێکیان پێی گوت: ئەوەتۆی کەوتییەوە بەردەستمان، یانزە سـاڵ پێش ئەمڕۆ بە بیرت دێ چیت لێکردین و چۆن بە هەڵاتنت لە بەندیخانەت پەسـتاین. (حەیدەر)یان تەسلیمی دادگا کردەوە و بێجگە لـە حوکمی خـۆی سـاڵێکی تریشـیان بۆ برپەوە بەهـۆی تاوانـی هەڵاتنەکەی.

**کە حوکمەکە خوێندرایەوە (حەیدەر) لە دڵی خۆیدا بڕیاریدا لەدەست ئەو پۆلیسانەی کە دەیبەنەوە بەندیخانە رابکات**



گوڵان
ژمارە (٧٥٥)
٢٠٠٩/١١/٢





# دانپیانانێک لە کونجی زیندانەوە

### لەناو زیندان و بەدەم گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی خۆی

کە (ڕێبوار) یان گەیاندەوە ناو بەندیخانە، بردیانەوە هۆڵەکەی خۆی کە تیایدا بوو، پێنج مانگ دەبوو لە هۆڵەکەدا لەچاوەڕوانی بیرپیاری دادگا بوو، کەهاتەوە زانیان کێشەکەی یەکلایی کراوەتەوە و حوکم دراوە، لەبەردەم ژوورەکە سەری خۆی نەوی کرد و چاوێکی بە جەماعەتدا گێڕا و بەدەموچاوی خەمبار و پڕ خەفەتەوە لە هەموویانی ڕووانی، ئەو دوو کێشەی هەبوو، لە یەکێکیاندا (٨) مانگ و لەوی تریشیاندا (٥) ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە.

بە حوکمدانی دەبوو ئەو هۆڵە بەجێبهێڵێ و بچێتە هۆڵی حوکمدراوان، چاو بە فرمێسک، خەمبار و دڵتەنگ، ڕەنگ زەرد و لێوبەبار، لێوەکانی وشك و دەموچاوی سیس ببوون، هاوڕێکانی بەپیریەوە چوون و دەستیان لە ملی کرد و شوێنێکیان بۆ چۆل کرد، بەتیلەی چاو زانیان (٥) ساڵ حوکمدراوە. (ڕێبوار) چاوەکانی پڕ ئاو بوون و تنۆك تنۆك

فرمێسکەکانی لەچاودا دەهاتنە خوارەوە، هاوڕێیە بەندییەکانی تر، یەکە یەکە، تەماشای یەکیان کرد، ئەوانیش یەك لە دوای یەك چاویان پڕ فرمێسك بوو، دەستیان بە گریانێکی کپ و بێدەنگ کرد، هەموویان چارەنووسی خۆیان لەو دەدیتەوە و خۆیان دەهاتە بەرچاو و نەفرەتیان لەو ڕۆژە دەکرد کە پەلکێشی تاوانی کردن، شتەکانیان بۆ کۆکردەوە، شەوێك پێش حوکمدانی (ڕێبوار)، ئەو چەند هاوڕێیەی لە یەکدی نزیك بوون، تا درەنگانی شەوبەیەکەو دانیشتبوون، گوێیان لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی یەکتر دەگرت، (ڕێبوار) پێنج مانگ دەبوو گیرابوو و کە لەو هۆڵەش بوو، لەگەڵ هەندێك بەندکراودا ئاشنایەتی و هاوڕێیەتی و دۆستایەتییەکی بەهێزی پەیدا کردبوو، ئەو شەوە زۆریان لە (ڕێبوار) کرد کە ئەویش بەسەرهاتی خۆی بەتەواوەتی و دوورودرێژی بگێڕێتەوە، پێشتر هەندێ شتی گوتبوو، بەڵام هەندێ قسە بووە بە دوورودرێژی نەیگووتبوو، بەڵام ئەو شەوە ئەویش دڵی پڕ ببوو، فشارێکی دەروونی زۆری لەسەر بوو، بەتایبەتیش کە بۆ بەیانی دەچووە بەردەم دادگا و ڕۆژی یەکلایکردنەوەی کێشەکەی بوو، (ڕێبوار) لەسەر داوای هاوڕێکانی دەستی بە گێڕانەوەی کێشەکەی کرد وگوتی: ڕاستییەکەی بەسەرهاتەکەی من زۆر ناخۆشە، شەرم دەکەم بیگێڕمەوە بەڵام ئیدی لەبەر ئەوەی بوومەتە قوربانی هەڵەی کەسانی تر، بۆیە دەیگێڕمەوە، بەڵکو ئەو بارە گرانەی وا لەسەرشانمە تۆزێك سووك بێت.

براینە من تازە پێم دەنایە قۆناغی هەرزەکاریم، باوکم بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل هەردوو پێیەکانی ئیفلیج بوون و چونکە فەرمانبەر بوو، خانەنشین کرا، بە موچەی خانەنشینەکەی دەژیاین، بۆ خۆشم قوتابی بووم و لە پۆلی دووی ناوەندی بووم، دایکم هێشتا جوان و جاحێڵ بوو، ساڵێك زیاتر یا کەمتر بەسەر ڕووداوەکەی باوکمدا ڕەتبوو، بازاڕ ڕۆژ بەڕۆژ گرانی بەخۆوە دەبینی، ئەو مووچەیەی باوکم بەشی خەرجی هەفتەیەکی خواردنی دەکردین، پاش ئەو هەفتەیە دەکەوتینە ناو کێشەی دارایی و قەرز و قۆڵ و دەردەسەری..

نەماندەزانی چی بکەین، ڕۆژ هات و ڕۆژ ڕۆیی بەهۆی دراوسێی خراپ، دایکم تێکەڵی ئافرەتی خراپ بوو، نەمدەزانی چی دەکات و چی ناکات. بەڵام دەمزانی ئێواران کە دەهاتەوە کۆمەڵێك پارەی دەهێنایەوە کە بە قەد دوو موچەی مانگێکی باوکم دەبوو. شەوێك لەگەڵ باوکم دەمەقاڵێیان بوو نەمدەزانی لەسەر چییە، بەڵام ئەوەندەی دەزانم باوکم دەیگوت: ئافرەت بەسە، عەیبە، زگت بەمن بسووتێ، زگت بەو حاڵەی من تێیدام بسووتێ، بۆ وادەکەی؟

دایکیشم دەیگوت: هەقتە وابڵێی ئەگەر من نەبم ئێوە لە برسان دەمردن، وا بەخێوتان دەکەم و هێشتا ناڕازیت

باوکم دەیگوت: بەڵێ ناڕازیم زۆریش ناڕازیم، ئەو نانەی بەو شێوەیەی پەیدای دەکەی نامەوێ، لێم حەرام بێت، نانی سەرشۆڕیم ناوێ، بەخۆم دەچمە بازاڕ بەو عەرەبانییەی بنم، نانتان بۆ پەیدا دەکەم بەس دەست لەو کارانە هەڵبگرە، نەمدەزانی کێشەی دایکم چییە لە ماڵەوە دەیگوت: دەچم کار دەکەم و پارە پەیدا دەکەم، ڕۆژێك نیوەڕۆ بوو لە قوتابخانە هاتمەوە باوکم لە ماڵ نەبوو، بەو عەرەبانییەی کە لەسەری بوو، چوو بووە بازاڕ کارێك بکات، کە هاتمەوە دەرگاکە داخرابوو، منیش نەوی بوومەوە و دەستم بۆ شیشی دەرگاکە درێژ کرد و بڵندم کرد و دەرگاکەم کردەوە، ئاگام لە هیچ نەبوو، بەڵام گوێم لە دەنگێك بوو، وەکو ئاخ و ئۆف و هەناسەسواری بوو، هەستی خۆم ڕاگرت، دەنگەکە دەهاتەوە بەر گوێم و لێکم دەدایەوە بزانم هی کێیە، هەستم کرد دەنگێکی غەریب و یەکێکی دی ناسیاوە، لە کونی دەرگاکە تەماشای ژوورەوەم کرد، دەبینم دایکمە لەگەڵ پیاوێك، بە ژوور کەوتم و پڕم دایە کابرا بووە شەڕی دەستەو یەخەمان، من مێرد منداڵ و ئەو زەلام دەرەقەتی نەدەهاتم، چەندی مست و شاپم لێدا، هیچ نەبوون، شەقێکی لەدەمم دا و دەممی پڕ خوێن کرد و کەوتمە سەر زەوی ئینجا لە نێوان دایکم و ئەو ببێتە شەڕ، ئەوان بووە شەڕیان و منیش دەم و ددانم پڕ خوێنە و کەوتوومەتە سەر زەوی و ئەویش لە دایکم دەدا، لەو پڕکێش و پڕکێشە، بەشەڕو هەرایانەوە وردە وردە لە دەرگاکە نزیك دەبوونەوە، کابرا دەیویست بڕوا دایکم نەیدەهێشت، هەندێك جنێوی زۆر ناشیرینی پێدا، خەریك بوو لە جێگەی خۆم دەبوومە دڵۆپە ئاوێك، چاوم بە ژوورەکەدا گێڕا، چەقۆیەکی گەورەم کەوتە بەرچاو، ئەو چەقۆیە ئەوەندە تیژ بوو، لەو ساتەدا کە من وا کەوتوومەتە سەر زەوی و دەموددانم هەمووی خوێنە و چاوم پڕ گریانە، ئەوساتانەم بەبیر دەهاتەوە کاتێك دایکم گۆشتی دەکردە قیمە و واڕێك کەوت، قیمەکەی بەجێدەهێشت، من دەستم دەدایە و قیمەم دەکرد، کە دەهاتەوە دەیدیت وا دەکەم، هاواری لێهەڵدەستا دەیگوت "ئەو چەقۆیە دانێ، کوڕم دەڵێی دەلوو و بیبەرە، دەستت دەبڕێ، ئینجا چاوم هاویشتە سەر چەقۆیەکە و بەهەموو هێز و تین و توانام کە تێمدابوو، ڕاست بوومەوە و دەستم دایە چەقۆکە، هەر بە گوڕ و تینەوە چەقۆیەکم لە پشتەوەڕا لە پشتی کابرا ڕاکرد، کابرا ناڵەیەکی لێهەستا و بەربۆوە، پاش چارەگە سەعاتێك گیانی دا و مرد، ئەوە یەکەم کێشەم بوو، تووش بووم، پۆلیسمان ئاگادار کردەوە و خۆم تەسلیم کرد، لە ئەنجامدا (٥) مانگ زیندانیم بۆ بڕایەوە، هێندەی پێنەچوو، پاش ئەو ڕووداوە باوکم بە زگی داو مرد، دایکم وازی لەم کارانەی نەهێنا، منیش فێری زۆر شت بووم، لە حەژمەتان ڕاورووتم دەکرد و بە زۆر لەسەر ڕێگایان بەشەو سەرانەم وەردەگرت.

ئاخیرییەکەی دوای چەند ساڵێك، ڕۆژێك دایکم و پیاوێکم کوشت کەلەسەری بوو، ئەوە هەموو بەسەرهاتەکەمەو لەسەر ئەوەش وا بەند کراوم.

(ڕێبوار) پێنج مانگ دەبوو گیرابوو و کە لەو هۆڵەش بوو، لەگەڵ هەندێك بەندکراودا ئاشنایەتی و هاوڕێیەتی و دۆستایەتییەکی بەهێزی پەیدا کردبوو

شەوێك لەگەڵ باوکم دەمەقاڵێیان بوو نەمدەزانی لەسەر چییە، بەڵام ئەوەندەی دەزانم باوکم دەیگوت: ئافرەت بەسە، عەیبە، زگت بەمن بسووتێ، زگت بەو حاڵەی من تێیدام بسووتێ، بۆ وادەکەی؟

## نووسەر و میدیاکار (نەجـــوا عەبدوڵڵا) بۆ گوڵان:

# هەبوونی جیاکاری رەگەزیی لەهەر شوێنێک، بەڵگەی ناکاملَی و سەربەخۆ نەبوونی پیاوانی ئەو شوێنەیە



نووســەر و میدیاکار (نەجوا عەبدوڵلا) ساڵانێکە بە پرس و داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنان و شـرۆڤەکردنی دیاردەی توندوتیژی ژێندەری خەریکە، خانمی (نەجوا) وێڕای تێکسـتە ئەدەبییـە نایابەکانی (شـیعر و چیرۆکی منداڵان) نووسین و توێژینەوەش لەبارەی پرســی جیـاکاری و توندوتیژی کۆمەڵایەتی هەیە، هەروەها بە وتارنووسین حـزوری دیاری لـە رۆژنامـە و گۆڤارە عێراقییـەکان و سـایتە ئەلیکترۆنییەکان هەیە، (نەجـوا) جگە لەوەی ماویەك وەك نووسەر لە رۆژنامەی (المسار) و گۆڤاری (العراقیـة) کاریکردووە، ئێسـتا ئامادەکار و پێشکەشـکاری بەرنامـەی (فنانـون فـی المعهد....)ەیەکـە کە لـە کەناڵی ئاسـمانی (الفیحاء) پێشـکەش دەکرێت، خانمی (نەجوا) هەنووکە لە وڵاتی سـوریا نیشـتەجێیە و بەهۆی بەشـداریکردنی لە پێشبڕکێ رۆشنبیرییە عەرەبییەکاندا خەڵاتی باشی بەدەسـت هێناوە، ئەمساڵیش دوای بەشـداریکردنی لە (مهرجان الدولی) ئەو میدالیانەی پێبەخشرا کە خەڵاتێکی بەرزی ئەدەبە سـاڵانە و بەوە کەسانە دەبەخشرێ کە داهێنان لە بورای رۆشـنبیریدا دەکەن، هەفتەنامەی (گـوڵان) لە هەپڤەیڤینێکدا پرسی جیاکاری و توندوتیژی ژێندەری لە گەڵیان تاوتوێ کرد.

*** توندوتیژی کردارێکی نامرۆیانەی قێزەونە، وەك دیاردەیەك زێتر لە هەناوی کۆمەڵگە پاشکەوتووەکان گەرای کردووە، دەکرێ بە دیاردە کۆمەڵایەتییە هەرە بەربلاوەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و هیندو پاکستان وڵاتانی دیکەی ئیسلامی ناوی ببەین، ئێوە فاکتەرەکانی چۆن دەستنیشان دەکەن؟**

- پێموایە بەڕێزتان لە پرسیارەکەدا نیوەی وەڵامەکەتان دەستنیشان کردووە کاتێك دەڵێی (کۆمەڵگە دواکەوتووەکان) زۆرینەی لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژییەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە نەزانین گەورەترین ئاستەنگە لەبەردەم پەرەپێدانی مرۆییدا، هۆکاری سەرەکی دواکەوتن، نەزانین و نەخوێندەوارییە ئینجا هەژاری، زۆرجار هەژاری مرۆڤ ڕووە و توندوتیژی، تاوان پەلکێش دەکات، ناجێگری ڕەوشی ئەمنی و ململانێ کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیش ڕۆڵیان هەیە لەتێکدانی مەزاجی تاك و باری سایکۆلۆژی، ئەو وڵاتانەی ئاماژەت پێدان هێشتا لە ڕەوشێکی سیاسی و ئەمنی و ئابووری ناسەقامگیردا دەژین، شەڕە نێوخۆیی و ئیقلیمییەکان زەرەرو زیانێکی گەورەی بە ژێرخانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو کۆمەڵگانە گەیاندووە، دەکرێ ئەو کۆمەڵگانە بە کۆمەڵگەی دوای شەڕ ناوببەین، ئێستا لە هەوڵی ڕاستبوونەوەدان و لە قۆناغی ڕاگوزەری (ئینتقالی) دان، ئەو ڕەوشە دژوارە ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر تەواوی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە هەبووە، بەڵام بە پلەی یەك قوربانییەکەی کەوتۆتە سەر ژنان و منداڵان و ئەوان باجەگرانەکەی دەدەن.

*** توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دیاردەیەکی جیهانییە، لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەیە، بەڵام ڕێژەکەی لە وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژئاوا زۆر لێك دوورە، گەر لێی وردبینەوە دەبینین لە ڕۆژهەڵاتیشدا لەنێو کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا وجودی زیاترە، بەڕای ئێوە هۆکارەکەی پەیوەستە بە ئایینی ئیسلام یان کولتوور و ترادسیۆنی کۆمەڵگە؟**

- دەکرێ هەردوو لایەن بەهۆکار دابنێین، کەلتوور و عاداتی کۆمەڵگە نەنگی و ناعەدالەتییەکی زۆری تێدایە، عادات و تەقالیدی ئێمە پڕیەتی لە خورافات و شتی نامەنتیقی، پڕیەتی لە دوو ڕوویی و دوو فاقی، سەرباری ئەمەش گەر بێت و مەسەلەکە لەڕووی یاسای مەدەنییەوە تەماشا بکەین دەبینین تا ئێستا یاسایەکی توندو و تۆکمە بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی نییە، سەبارەت بە ئایینیش، تێکستە ئایینییەکان پڕن لە جوانی و دادپەروەری بەڵام گرفت لە نەبوونی تەفسیرێکی جێگیر و یەکگرتووە بۆ تێکستەکان، وەك دەزانن زیاتر لە تەفسیر و راقەیەکی جیاوازی فەرموودەکانی پێغەمبەر و ئایەتە قورئانییەکان هەیە، لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و تاك و نەبوونی هۆشیاری تاکی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان فاکتەرێکی کاریگەرە ناکرێ ئەویش لەبیر بکرێ.

*** هەندێك پێیانوایە تەنیا لە ڕێگەی یاساوە دەتوانین ڕادەیەك بۆ توندوتیژی ژێندەری دابنێین، هەندێکی دیکەش وای بۆ دەچن مەسەلەکە لەوە گەورەترە و پێویستە کار لەسەر کولتووری تاك و هۆشیاری و باشکردنی باری ئابووری بکەین و لەوێوە دەست پێبکەین، ئێوە لە نێوان ئەو دوو بۆچوونەدا چ ڕێگەیەك بەچارەسەر دەزانن؟**

- بەڕای من پێویستە لە یەك کاتدا کار لەسەر هەردوو بۆچوونەکە بکەین، دەنا پرۆژەیەکی نەزۆك دەخەینەڕوو، دانانی یاسای نوێ و هەموارکردنی یاسا کۆنەکان بەشێوەیەك بکەوێتە پاکتاوکردنی توندوتیژی ژندەری هەنگاوێکی گرنگە، چونکە بێ یاسا و لێپێچینەوەی توندو ناتوانین تاوانکاران سزا بدەین، هاوکات کارکردن لەسەر کەلتوروی تاك و باشکردنی باری ئابوری یارمەتیدەرێکی باش ڕووە یاسایەکەی ئەو ئاریشەیە دەبێ، سەبارەت بە هۆشیاریش بەڕای من ئەوە مەسەلەیەکە پێویستی بە هاریکاری هەموو لایەك هەیە و تەنیا دەوڵەت لێی بەرپرسیار نییە، تاك و میدیا و سستەمی پەروەردە و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەبێ یارمەتی کۆمەڵگە بدەن، هەروەها حەز دەکەم ئاماژە بەوەش بدەم هەبوونی توندوتیژی ژێندەری لە هەر شوێنێك بەڵگەی ناکامڵی و سەربەخۆ نەبوونی پیاوانی ئەو شوێنە دەگەیەنێت، چونکە پیاوی ڕۆشنبیر و خاوەن کەسایەتی هەرچەندە جیاوازیش بێ لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر هەوڵ نادات لە ڕێگەی توندوتیژییەوە جیاوازی یان ناکۆکییەکە یەکلا بکاتەوە، بەڵکو زمانی موناقەشە و گفتوگۆکردن دەگرێتەبەر.

*** ئاستی خوێندەواری و ژیانی پیشەیی و لایەنی کۆمەڵایەتی چ کاریگەرییەکیان هەیە لەسەر ئافرەتان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی بە واتایەکی دیکە، ژینگەی جوگرافی تاچەند کاریگەرە؟**

- بێگومان ژینگە ڕەنگدانەوەی بەرچاوی لەسەر ڕەنگ ڕێژکردنی کەسایەتیمان هەیە، ئێمە هەموومان منداڵی ژینگەی خۆمانین چەند ژینگەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بەهێز بێ ئەوەندە کەسایەتی تاکەکانیش پتەو دەبێ، زانست و خوێندەواری چەکێکی بەهێزن لە شەڕی توندوتیژیدا، پەروەردە و فێرکردن مرۆڤ لە ڕووی کاری پیشەییەوە بەرەو پێش دەبات، چانسی بەرەوپێشچوون و باشکردنی ژیان و گوزەرانی بەهێز تر دەکات، هەروەها ژیانی ژیاری و مەدەنی ئەمڕۆی کۆمەڵگا و وەدەستهێنانی مەعریفە و زانیاری بە ئاسانی و بەردەست بوونی بۆ هەموو کەسێك، جیاوازییە ژێندەری و

ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین هۆکاری سەرەکی پەرەسەندنی توندوتیژی ژێندەرین



چینایەتیەیکانی کەمتر کردووە، لێرەوە دەڵێم کارکردنی ئافرەت و چوونە دەرەوەی لەماڵ هێز و تینێکی گەورەی بە ویست کەسایەتی ئەوان بەخشیوە و وایکردووە بەر لەوەی رەگەزی بەرامبەر هێرشیان بکاتە سەر ئەوان ئاگادار بن یان بواری چەوساندنەوەی پێنەدەن، هەوەرها هێزی ئەوەشی پێبەخشیوون رژد و بوێرانەتر داوای مانا و رەشکردنەوەی جیاکاری بکەن.

*** میدیا و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی چ بەرپرسیارییەتی و ئەرکێکی ئەخلاقی و پیشەییان لەئەستۆیە لە بەرپەرچدانەوەی توندوتیژی رەگەزی؟**

- رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە زۆر شکڵ و رێگە دەتوانن هاریکاری پرسی ژنان بکەن و وێنەیەکی راستەقینە لە بارەی ژیان و ئاریشەکانیان نیشانی خەڵکی بدەن، توێژینەوەی مەیدانی و راپرسی و داتا و ئامارەکانی ئەوان دەبێتە دیکۆمێنتێکی باش لەبەردەم دەوڵەتان و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەروەها دەتوان بەهۆی وۆرکشۆپ و کۆڕ و سیمنیار پەرە بە لایەنە سایکۆلۆژی ئەو ژنانە بدەن کە دووچاری زەبر و هێدمەی دەروونی بوونە یان باری کۆمەڵایەتیان پێویستی بە دووبارە بونیاد و پەرەپێدانی هەیە.

رۆڵی میدیا و رۆژنامەوانیش گەر لە رۆڵی رێکخراوە ناحکومییەکان گەورەتر نەبێن کەمتر نییە، دەکرێ بڵێم کاریگەری میدیا و بەرچاو خێراترە، چونکە رادیۆ و کەناڵە ئاسمانییەکان راستەوخۆ موخاتەبەی عەقڵ و دەروونی خەڵکی دەکەن، لەوانەیە رێژەی ئەو ژنانەی کە رۆژانە موتابەعەی شاشەکانی TV دەکەن زۆر زیاتر بێ لە پیاوان، بۆیە بایەخدان بەو دیاردەیە لە میدیا جا بەهۆی بەرنامەی راستەوخۆوە بێ یان بە دواداچوونی مەیدانی و چاوپێکەوتن بە خزمەتی بنبڕکردنی توندوتیژی دەکەوێتەوە، چونکە وێڕای بەخشینی زانیاری و گەیاندنی راستییەکان راگەیاندنی بەشداریش دەبێ لە دەستنیشانکردنی فاکتەرەکان و دۆزینەوەی چارەسەری.

**• ئەو ئاسەوارە خراپانە چین کە توندوتیژی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگە بەگشتی و ژنان بەتایبەتی جێیدەهێڵێ؟**

- خراپییەکانی توندوتیژی جا هەر جۆرە توندوتیژییەك بێ ئاشکرایە، توندوتیژی ژێندەری کۆمەڵ بەرەو هەڵدێر و فەوتان دەبات، سلوك و پەرچەکرداری خراپ بە دوای خۆیدا دێنێ بەرهەمی توندوتیژی تەنیا توندوتیژییە و هیچی دیکەی لێ نادروێتەوە، بەر لە هەموو شتێکیش خێزان پێی کاریگەر دەبێ، تووشی ئاڵۆزی دەکات، بە کورتی توندوتیژی کۆمەڵگەی توندو بەرهەم دێنێ و نەفسیاتی لەرزۆك و ناکامڵ دەخوڵقێنێ.

**• سەرباری زۆری ژمارەی نێوەند و رێکخراوە داکۆکیکارەکان لەمافی ژنان کەچی نەهامەتی و چەوساندنەوەی ژنان هەر بەردەوامە، خۆ کوشتن و خۆسووتاندنی ئافرەتان روو لە زیادبوونە و نەوەستاوە چۆن لەو ئیشکالیەتە دەڕوانن؟**

- لەراستیدا ناکرێ بڵێین کار لە پێناو راگرتن یان بەرگرتن لەو دیاردەیە نەکراوە، شتی باش لەلایەن حکومەت و رێکخراوە ناحکومییەکان ئەنجامدراوە، بەڵام ئەو کار و پرۆژانە جا لەلایەنی سیاسی بێ یان ئابووریگەر لایەنی کۆمەڵایەتییەکە نەگرێتەوە شتێکی سوود بەخش نابێت، تۆ گەر نەتوانی گۆڕان لە هزر و دیدی کۆمەڵ بکەی بەرامبەر بە ئافرەت کەواتە هەنگاوێکی جیدیەت نەناوە، هەروەها ناشێ ئەوەمانم لەبیر بچێ کە زۆرێك لەو رووداوانەی باس لە خۆکوشتن یان خۆسووتاندنی ئافرەتان دەکەن لەلایەن کەسی دوومەوە کە زۆربەی کات پیاوانن ئەنجام دەدرێن، یا ئافرەتەکە ناچار دەکەن پەنا بۆ لەناوبردنی ژیانی خۆی ببات، مەسەلەکە تەنیا رێکخراو و بزاڤی ئافرەتان نین، بەڵکو سستەمی گشتی کۆمەڵ و نەزرەی کۆمەڵگەیە.

**• چۆن و بە چ رێگە و شوێنك دەتوانین چارەسەری گونجاو بدۆزینەوە؟**

- پێویستە یەکەم جار لە یاساوە دەست پێبکەین، یاسا و رێکاری ئەوتۆ دابڕێژرێ سزای تووندی کەسانی تووندو تیژ بدات، لێرەدا تەنیا مەبەستمان تووندوتیژی جەستەیی نییە، بەڵکو هەموو شێوازەکانی جا مەعنەوی بێ یان لە رێگەی تەحەروش کردنەوە، خاڵی دووەم هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەهۆی میدیا و رێکخراوە ناحکومیەکان، ئینجا کارکردن لەسەر دووبارە راهێنانی ئەو ژنانەی رووبەڕووی توندوتیژی بوونە، چونکە ئەوان دەروونیان تووشی دارِمان هاتووە، دەکرێ بۆ ئەم کارەش پشت بە توانای پسپۆرانی خۆمان لە بواری سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و پزیشکی ببەستین سوود لە تەجرەبەی وڵاتانی ئەوروپا وەربگرین، (وەك ئەوەی ئێستا سەنتەرێکی ژنان لە کوردستان) دەیکات.

**نەبوونی شیکردنەوەیەکی جێگیر و یەکگرتوو بۆ تێکستە ئاینییەکان کێشەی گەورە دەخولقێنێ**

